# هەردەبێ ببن بە مەسیحی

## بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی چالاکی بەمەسیحی کردنی خەڵکی عێراق دەرئەخاتو ئەیبەستێت بە "بوش"وە

### هەواڵێکو لێدوانێك

باوکی محمد




تابلۆیەك نزیك چەند سەربازێکی ئەمەریکی لە عیراقدا لەسەری نووسراوە: کەنیسە

"ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەر ئەبێت ببێت بە مەسیحی " ئەمە قسەی یەکێك لە نێرراوە مەسیحییەکانە کە هاتوون بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق بکەن بە مەسیحی کە لە بەرنامەی " پانۆراما" ی ئەڵمانی کە جەماوەرێکی زۆری هەیە، بەرنامەکە بە شێوەیەکی بەڵگەدار هەموو ئەو چالاکییانەی هەندێ لە ڕێکخراوە مەسیحییەکان ئەیکەن خستیە ڕوو، هەروەها دانەیەکی تریان دەیووت "ئێمە وا خۆمان دەرئەخەین لە عێراقدا کە بۆ بینینو گەشتو گوزار هاتوین، بەلاّم چەنەها تەن لە پڕوپاگەندەو کتێبو نووسراو بە مژدەدان بە مەسیحیەت بلاّو ئەکەینەوە لە عێراقدا " .

بەرنامەکە ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە زۆرێك لە کۆمەڵە مەسیحییە چالاکەکان ئێستە لە عێراقدا کار ئەکەن لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆمەڵی ( تایەفەی مەعمەدانی باشوور-**الطائفة المعمدانية الجنوبية**- ، یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵە کە لەڕێگەیدا بەرەو عێراق ووتی "بەڕاستی ئەم جەنگێکی ئاینییە، ئەوان ڕقیان لە ئێمە نیە، بەڵکو ڕقیان لە خواکەمانە، موسڵمانەکان ئیمانیان بە بیروباوەڕێکی درۆ هەیەو زۆرێك لە خوا درۆکان هەن لە عێراقدا "

دەربارەی ئەم کۆمەڵەی کە باسمان کرد " جۆرج بوش " ئەڵێت : ( ئێوە نوێنەرایەتی ١٦ ملیۆن کەس ئەکەن لە سەرجەم وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سەرەڕای زۆرێك لە مژدەدەرەکانی تری سەر بە ئێوە کە لە دەرەوەی وولاّتنو دوورن لە ئێمە و هەموویان هەست بەوە ئەکەن کە هەڵبژێراون بۆ ئەوەی ووشەی پەروەدگار بگەیەنن بە خەڵکی و بانگەشە بکەن بۆ دەسەلاّتو مەملەکەتی پەروەدگار.

### "دەنگی شەهیدان "ی توندڕەو چالاکە لە عێراقدا

ئاڵقەی کۆتایی بەرنامەکە لە سەر چالاکییەکانی کومەڵە مەسیحیەکان بە گشتی لە عێراقدا، کە بە چەندەها شواز هەوڵ ئەدەن کە خەڵکی عێراق بکەن بە نەسرانی،و چۆن ئەوانەی کە لە ئەورووپاوە هاتونە ناو عێراق شەوڕۆژ خەریکی بلاّوکردنەوەی ئاینەکەیانن، لەگەڵ ئەو نارەحەتیو بەربەستانەی دێتە ڕێیان .

یەکێك لەوانــە قسـەی لەسـەر ئـەوە ئـەکرد کە چۆن بەرنامـەڕێژییان کـردووە کـە لـە گـەڵ چالاکیـەکانو بـیروڕای خۆیاندا گونجاوەو ووتی : ( ئێمە هەر ئەبێت بە سەریاندا سـەرکەوین ، چونکـە ئـەوان ئەیانـەوێت کـە لـەناومان بـەرن، تاکو ئێستە ٣٠٠٠ مژدەدەریان کوشتوین، بەڵام هەموو عێراقیەکان پێویستە لە سـەریان ئـەبێت ببـن بـە مەسـیح، بـەڵکو نەك هەر عێراق ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێت ببێت بە مەسیحی، بەڕاستی ئەمە شەڕێکی ئاینیە، ئێمە شەڕ لـە گـەڵ دەسەڵاتداری تاریکیدا ئەکەین، هەر ئەبێت سەرکەوین بەسەریاندا ) .

ئنجا ئەکێکی تریان کە ناوی " تۆم وایت " بووکە سەر بەکۆمەڵی "دەنگی شەهیدان"ی توندڕەو بوو، لە یەکێك لە ماڵەکاندا لـە عێراقـەوە ڕاسـتەوخۆلە گـەڵ بەرنامەکەدا قسـەی ئـەکرد ووتـی: (ئێمـە خۆمـان وەك گەشـتیارێك پیشـان ئەدەین، ئەم عەینەکە ئەکەمە چاووم و قژم بە ڕەنگی ڕەش بۆیە ئەکەمو ڕیشێکی دروستکراو ئەهێڵمەوە، ئنجا لە ژێر ئەوەدا چەندەها تەن لە کتێبو گوڤارو پڕوپاگەندە بڵاو ئەکەینەوە بۆ ئاینەکەمان) .

بەڵام "تود نیتلتون" هۆی ناونانی ئەم کۆمەڵە بە (دەنگی شەهیدان) وا باس ئەکات، کە ئـەم کۆمەڵـە باوەڕیان بـە مردن هەیە لەپێناوی بیرباوەڕەکەیان، و وا هاتوون بۆ عێراق کە نەگەڕێنەوە ئەگەر پێویسـتی کـرد کـە بمـرن لـە پێنـاو دینەکەیان، دەڵێن : ئەم ڕێگەیەی ئێمە گرتومانەتە بەر لە عێراقدا لەوانەی سەربکێشێ بو کوشتنو لەناوچونمان، بەڵام ئەمە بازرگانیەکی بە قازانجە، کە سەرفرازبیت لە ئاسماندا، لەڕێگەی مردنت لە پێناوی بیروباوڕەکەت .

"ئەلفرید رۆس" لە "پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی دیمکراسی" لە ئەمریکا، پێی وایە کە "بوش" پەیوەندیەکی بەتینی هەیە لە گەڵ بیروباوەڕی زۆرێك لە ڕێکخراوە مەسـیحیەکان، بـە بوونـی شـەڕێکی ئـاینی پـیرۆز لـە نێـوان مەسـیحیەتو ئیسلامدا .

ئنجا لـەم بارەیـەوە "روس" بـۆ بەرنامەکە دواو ووتـی : (ئایا سـەرۆك بـوش خـۆی قسـەی نـەکردو باسـی هێرشـی خاچپەرستی نەکرد ؟، جا لە بەر ئەوە زۆرێك لە توندەڕەوەکان لە بانترین پلەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەتدا هـەن، وا ئەبینن کە ئەم کارانە هەمووی بە گشتی پەیوەندی بە شەڕی پیرۆزەوە هەیــە دژی ئیسلام، لەوانـە جەنـەراڵ "ولیام بوشکین"ـە .

## <u>خوای "بن لادن" و "زەرقاوی"</u>

جەنراڵ "ولیام بوشکین" ئـەوەبوو کـە لـە بـەردەم کۆمـەڵی مەعمـەدانیدا ووتـی : ( ئـەم کارە ( واتـە شـەڕی دژبـە ئیسلام ) پـەیوەندی نیـە بـە ئوسامە بـن لادن، بـەڵکو دوژمـن لـە مەملەکـەتێکی ڕۆحیدا خـۆی گرتـووە، خواکـەی مـن گەورەترە لە خوای ئەو، خوای ئەو خوایەکی هەڵبەستراوو ساختەیە، بەڵکو بتە). بە پێی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکە ئـەم قسانەی ولیام هەمان قسەن کە بۆش لەم دواییەدا بەکاری هێنان لە وەسفی ئەو خوایەی کە بن لادنو زەرقاوی باوەڕیان پێیەتی .

بەرنامەکە بەشێکی لە قسەکانی قەشەیەك نەقڵ کرد کە سەر بەو کۆمەڵەن، کە ژمارەی ئەو کەنیسانەی سـەر بـەو کۆمەڵەن ٤٠ هەزار کەنیسەن، کاتێك کە قسە ئەکات بۆ ٥ هەزار کەس لەوانەی ئەیاننێرن بـۆ بڵاوکردنـەوەی مەسـیحیەت لە دەرەوەی ئەمریکادا، پێش ئەوەی سەفەر بکەنو بەرەو ئەو وولاتانە بـڕۆن پێیـان ئـەڵێت :( سـەرۆکمان پێویسـتی بـە ئێوەیە، سەربازەکانمان پێویستیان بە ئێوەیە) .

پانۆراماکە لە کۆتایدا ئەو قسەیەی بۆشی دوبارەکردەوەو هێنایەوە یاد کە ئەڵێ : (ئازای دیاری ئەمریکا نیە بۆ جیهان، بەڵکو دیاریەکە لە خواوە)، لە بەر ئەوە ئەبینین کە شەڕی سەرعێراق هەلێکی ئیجگار گەورەیە بۆ ڕێکخراوە نەسرانیانە بۆ بە نەسرانی کردنی گەلانی عێراق .

**لێدوان**:

کاتێك لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاچ پەرستەکان هێرشەکانیان بەرامبەر جیهانی ئیسلام دەست پێ کرد، لێدوان‌و قسەکانیان لەم قسانەی ئێستەیان توندوتیژتر نەبوو، ئەوەندە نەبێت کە ئەوسا ئەوروپا لە دەریانی دواکەوتوویەوە ئەو کارەی ئەکرد، بەلاٌم ئێستە لە ژێر سایەی پێشکەوتن‌و تەکنۆلۆجیای ماددیدا، مەبەستەکەش هەر یەکە .

خوای گەورە ئەفەرموێت **( ولن ترضى عنك اليهود ولا النصارى حتى تتبع ملتهم )** واتە: جولەکەو گاورەکان لێت ڕازی نابن هەتا شوێن ئاینەکەیان نەکەویت، واتە تانەبیت بە جولەکە یان گاور، بە بەراوردێك لە گەڵ ئەم ئایەتەوئەو قسەیەی کە ئەڵێت ( هەر ئەبێت ببن بە مەسیحی ) ڕاستی ئەم فەرمودەیەی خوای گەورە ڕۆشن ئەبێتەوە، کە ئەوانە بە هیچ شێوەیەك خێروبێرو خۆشیان بۆ ئێمە نەویستووەو تەنانەت بە نۆکەریش ڕازی نابن تاکو نەبیتە جوو یان گاور وەك خۆیان .

ئەو قسانەی سەرانی نەسرانیەتی ئەمڕۆ ئەیڵێن‌و بەردەوام دووبارەی ئەکەنەوە، هیچ موسڵمانێك یان ڕێکخراوێکی ئیسلامی بەو شێوە توندوتیژوتوندڕەویە مامەڵەی لە گەڵ جیهانی ڕۆژئاواو خودی مەسیحیەتا نەکردووە( ئێمە هەر ئەبێت سەرکەوین بە سەریاندا ) ( خوای ئەوان خوای ساختەیە ) و زۆرێکی تریش کە بە ڕاستەوخۆ هێرش ئەکەنە سەر خودی پێغەمبەری ئیسلام صلى الله عليه وسلم و بە بکوژو توندڕەوو کەسێکی جنسی ناوی ئەبەن، جا ئایا هیچ موسڵمانێك بەم شێوەیە هێرشی کردۆتە سەر عیسا عليه‌السلام یان ئاینی نەسرانی ؟

عێراق لای ئەمانە ( بە کوردستانیشەوە) یان ئەوەتا دەبێت ببێت بە مەسیحی‌و نورو ڕۆشنایی مەسیح وەربگرێت، یان ئەوەتا شایەنی ژیان نیەو هیچی پێ ڕەوا نابینرێت .ئەوەتە ئەڵێن : ئێمە شەڕ لە گەڵ تاریکیدا ئەکەین و هەر ئەبێت سەرکەوین بە سەریاندا .

ئەم شەڕە بە لای ئەوانەو ڕیشەیەکی ئاینی هەیەو گەورەترین بەربەست بریتیە لە ئیسلام، لە بەر ئەوە دەبێت بە هەرچی شێوەیەك بێت ئیسلام لە ناو ببرێت‌و ڕیشەکێش بکرێت، چونی ئەمانەش بۆ عێراق بە ئاگاداری‌و دەستخۆشی سوپای ئەمریکی ئەوە ئەگەیەنێت کە ئازادیەکەی ئەمرێکا بۆ گەلانی عێراق مەرجەکەی هەڵگەڕانەوەیە لە ئاینەکەیان‌وو ببنە خاچ پەرست‌و بێ باوەڕ، ئەوکاتە ئەچنە دینای ئازادەوەو پێیان ئەوترێت پێشکەوتوخواز .

ئەمانە بەردەوامن لەکاری خۆیان، لە دوری هەزاران میلەوە هاتوون بۆ ئەوەی خۆمان‌و نەوەکانمان بێ باوەڕبکەن‌و هەڵمانگێڕنەوە لە ئاینەکەمان، بۆ پرسیارێك لە خۆمان ناکەین، چیمان بۆ خزمەتی ئەم ئیسلامە کردوو، ئێمە لە کوێی خزمەت کردن بە ئیسلامدا خۆمان ئەبینینەوە ؟

خوای گەورە ئەفەرموێت **{ ويمكرون ويمكر الله والله خير الماكرين }**